# بانگەواز

»جەماوەری گەلەکەمان لە ناوخوو و دەرەوەی کوردستان
»پارت و رێکخراوە سیاسی و جەماوەری و رۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی یەکانی کوردستان
»پارتە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازە عیراقی یەکان

وەک ئاگادارن لە کاتێکدا رژێمی فاشی بەغدا لە لێواری رۆخانداپە، رژێمی عەسکەرتاریەتی تورکیا ترسی لەوە هەیە رەوتی رووداوەکان بە ئاراستەیەک بڕوات کورد و هێزە دیموکراسی خواز و دیموکراتیەکان لە کوردستان و عیراقدا رەوتی رووداوەکان لە بەرژەوەندی کورد و هێزە پێشکەوتنخوازەکان بڕوات لە عیراقدا.
بۆیە وەزیری بەرگریەکەی (سەباح الدین ئوغلو)و پاشان قسەکەری وەزارەتی دەرەوە جەختیان لەوە کردوە کە کوردستان بە گشتی و شارەکانی کەرکوک و موسل بە تایبەتی بەشێکن لە تورکیا.
بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بۆچوونە، بانگەوازتان دەکەین بۆ رسواکردنی ئەم نیازەگڵاوەی تورکیا و رێکخستنی جەماوەر دژ بەم بۆچوونە، و یەکخستنی تواناکانمان لە ناوخوو و دەرەوەی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی.
وە لە ئێستاوە بانگەوازی جەماوەری گەلەکەمان و پارت و رێکخراو و ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەکان دەکەین بۆ دروستکردنی کەمپینێکی جیهانی دژ بەم سیاسەتەی تورکیا.وە سازدانی خۆپێشاندان بۆبەردەم سەفارەتەکانی تورکیا و ناردنی فاکس و نامەی نارەزایی و پەیوەندی کردن بە ناوەندە جیهانیەکان.
دەبا هەموومان دەست لەناو دەست، کەرکوک بکەینە هێمای تێکۆشان بۆ بەرپەرچدانەوەی خەونی تورکە شۆڤێنیستەکان و رێگابگرتن لە رۆدانی دەیان هەڵەبجە و ئەنفالی تر، بەڵام ئەم جارە بە دەستی داگیرکەرانی تورکیا.

بژی کوردستان
بژی کەرکوک پایتەختی کوردستان
نەمری بۆ شەهیدانی کوردستان

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال
٢٣-٠٨-٢٠٠٢

www.kurdistannet.org